# پەروەردەی منداڵی موسڵمان

# لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان



ناوی قوتابی : .............................................

پۆل : ..........................................................

# پێشەکی

## بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

### دایک و باوکی بەڕێز :

منداڵ یەکێکە لە نیعمەتە گەورە و جوانەکانی خوای پەروەردگار ، بۆیە واجبە لەسەر تۆی دایک و باوک شوکری خوای گەورە بکەی لەسەر ئەم نیعمەتە گەورەیە، وە باشترین شوکر کردنی خوای گەورە بەرامبەر ئەم نیعمەتەیە ئەوەیە منداڵەکەت بەجوانی پەروەردە بکەی بە پەروەردەیەکی ئیسلامی.

جا بە بۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە وەکو **ستافی ماڵپەڕی بەهەشت** پێمان باش بوو نامیلکەیەک ئامادە بکەین بە کورتی و پوختی کە بۆ تەمەنی منداڵ گونجاو بێت و شارەزای بکات لە ناسینی خوای گەورە و ئیسلام و پێغەمبەرﷺ .

وە هەروەها چەند زانیارییەکی کورتیش سەبارەت بەڕۆژووی مانگی ڕەمەزان .

وە لە کۆتاییدا (١٠) پرسیارمان داناوە بە شێوەیە بۆشایی و ڕاست و هەڵە بۆ ئەوەی دوای تەواو کردنی ئەم کتێبەیە تاقیکردنەوە بە منداڵەکەت بکەی و هانی بدەی گەر سەرکەوتوو بێت ئەوا دیاری و خەڵاتی تایبەتی بۆ دەکەیت .

خوای گەورە هەموو لایەکمان مۆفەق و سەرکەوتوو بکات .

ئامادەکردنی

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org

# بەشی یەکەم

# بیروباوەڕ

## ناسینی خوای گەورە ، ناسینی ئیسلام ، ناسینی پێغەمبەر ﷺ



# وانەی یەکەم

پرسیار : کێ پەروەردگاری تۆیە؟

وەڵام : خوای گەورە پەروەردگاری منە

پرسیار : ئاینی تۆ چیە؟

وەڵام : ئاینی من ئیسلامە

پرسیار : کێ پێغەمبەرتە؟

وەڵام : محمد (صلی الله علیه وسلم) پێغەمبەرمە



# وانەی دووەم

پرسیار : ئایا خوای گەورە لە کوێ یە؟

وەڵام : خوای گەورە لە سەروی ئاسمانەکانە .

پرسیار : کێ تۆی دروست کردوە و ڕزقی داوی؟

وەڵام : خوای گەورە منی دروست کردوە و ڕۆزی دەرمە

پرسیار : کێ زەوی و ئاسمانی دروست کردوە؟

وەڵام : خوای گەورە ئاسمان و زەوی درووستکردووە

پرسیار : کێ شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی درووستکردووە ؟

وەڵام : خوای گەورە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی درووستکردووە



# وانەی سێیەم

پرسیار : کێ گیانلەبەر و باڵندەکانی درووستکردووە؟

وەڵام : خوای گەورە گیانلەبەر و باڵندەکانی درووستکردووە

پرسیار : کێ گوێ و چاوی پێ بەخشیوی؟

وەڵام : خوای گەورە گوێ و چاوی پێ بەخشیوم .

پرسیار : کێ لە ئاسمانەوە بارانمان بۆ دەبارێنێت ؟

وەڵام : خوای گەورە لەئاسمانەوە بارانمان بۆ دەبارێنێت.



# وانەی چوارەم

## پایەکانی ئیسلام

**ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێنج پایەی هەیە کە بریتین لە:**

١- شایەتومان

٢- نوێژ کردن

٣- زەکات

٤- ڕۆژووی ڕەمەزان

٥- حەجی ماڵی خوا



# وانەی پێنجەم

## پایەکانی ئیمان:

### ئیمان و باوەڕ شەش پایەی هەیە کە ئەمانەن:

یەکەم : باوەڕبوون بە خوای پەروەردگار.

دووەم : باوەڕبوون بە فریشتەکانی خوای پەروەردگار .

سێیەم : باوەڕبوون بە کتێبەکانی خوای پەروەردگار.

چوارەم : باوەڕبوون بە پێغەمبەرانی خوای پەروەردگار.

پێنجەم : باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی.

شەشەم : باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر ، بەچاك و خراپیەوە.



# وانەی شەشەم

## من موسڵمانم ئاینی من ئیسلامە

١. ئاینی من ئیسلامە.

٢. ئیسلام بەرنامەی ژیانی ئێمەیە.


٣. خوای گەورە دینی ئیسلامی بۆ ئێمە هەڵبژاردووە.

٤. ئیسلام دینی ئاشتی و برایەتیە.

٥. ئیسلام هانمان دەدات ڕێز لە خەڵکی بگرین.

٦. ئیسلام گرنگی بە پاك و خاوێنی دەدات.

٧. دەبێت دینی ئیسلاممان خۆشبوێ و شانازی پێوە بکەین.



# وانەی حەوتەم

**هەندێك لە ناوە جوانەكانی خوای گەورە :**

١ ـ (الله) ، واتە : پەرستراوی تاك و تەنها .

٢ ـ ( الرحمن ) ، و ( الرحيم ) ، واتە : بە ڕەحم و میهرەبان .

٣ ـ ( الخالق ) ، واتە : خوڵقێنەر و بەدیهێنەر .

٤ ـ ( الرازق ) ، واتە : رزق و ڕۆزی دەر .

٥ ـ ( السميع ) ، واتە : بیسەری هەموو ورد و درشتێك .

٦ ـ ( البصير ) ، واتە : بینەری هەموو ورد و درشتێك .

٧ ـ ( الرقيب ) ، واتە : بەئاگا و چاودێر لە هەموو كاتێكدا .



# وانەی هەشتەم

## پێغەمبەری خوا

١. پێغەمبەرم (محمد)ە صلى الله عليه وسلم ، باوكی ناوی (عبدالله) یە ، دایكی ناوی (ئامینە) یە.

٢. كوڕەكانی ناویان (قاسم ، عبدالله ، إبراهيم) .

٣. كچەكانی ناویان (زینب ، روقیە ، أم كلثوم ، فاطمة).

٤. كاتێك گوێم لە ناوی پێغەمبەر دەبێ دەڵێم:(صلى الله عليه وسلم )

٥. پێغەمبەرم منداڵی خۆشویستوە و سەلامی لە منداڵان كردووە .



# وانەی نۆیەم

## هەندێ لە ڕەوشتە جوانەکانی پێغەمبەری خوا

١- پێغەمبەری خوا زۆر ڕاستگۆ بووە و هەرگیز درۆی نەکردوە .

٢- پێغەمبەری خوا کەسێکی نەرم و نیان بووە .

٣- پێغەمبەری خوا کەسێکی لێبوردە بووە .

٤- پێغەمبەری خوا زۆر بە ڕەحم و بەبەزەیی بووە .

٥- پێغەمبەری خوا زۆر بەخشندە و سەغەوات بووە .

٦- پێغەمبەری خوا هەمیشە دەم بەخەندە بووە و گرژ و مۆن نەبوە .

٧- پێغەمبەری خوا سەردانی خزم و کەسوکاری کردوە .

٨- پێغەمبەری خوا یارمەتی فەقیر و هەژارەکانی داوە .



# وانەی دەیەم

## چەند زانیاریەک لەسەر پێغەمبەری خوا

١ . پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەشاری مەککە لە دایك بووە.

٢.یەکەم خێزانی پێغەمبەری خوا ناوی خەدیجە بوو.

٣.لە تەمەنی (٤٠) ساڵی خوای گەورە وەحی بۆ نارد و بوو بە پێغەمبەر.

٤ . لەشاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە .

٥ . یەکەم کاری لەشاری مەدینە دروست کردنی مزگەوت بوو.

٦.لە تەمەنی (٦٣) ساڵی دا لە شاری مەدینە کۆچی دوایی کرد.



# وانەی یانزەیەم

## خەلیفەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ


پێغەمبەری خوا ﷺ چوار خەلیفەی هەبووە کە بریتین لە :

یەکەم : ئیمامی ئەبو بەکری صدیق رضي الله عنه .

دووەم : ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه .

سێیەم : ئیمامی عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه.

چوارەم : ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب رضي الله عنه .



# بەشی دووەم

# ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان



## وانەی یەکەم

### چاکە و تایبەتمەندیەکانی مانگی ڕەمەزان

١ ـ خوای گەورە لەمانگی ڕەمەزاندا قورئانە پیرۆزەکەی ناردۆتە خوارەوە

٢ ـ شەیتانەکانی تێدا زنجیر دەکرێن و دەبەسترێنەوە .

٣- دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن .

٤- دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە .

٥ ـ شەوی قەدر ( ليلة القدر ) تيايدا کە لە هەزار مانگ خێری زیاترە.



## وانەی دووەم

### فەزڵ و گەورەیی ڕۆژوو

١. ڕۆژوو یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام

٢. ئەو کەسانەی کە ڕۆژوو دەگرن خوا دەیانخاتە بەهەشتەوە.

٣. بۆنی دەمی ڕۆژووان لەلای خوا لە بۆنی میسك خۆشترە

٤. ئەو کەسانەی ڕۆژوو دەگرن خوا پاداشتێکی گەورەی بۆیان داناوە



## وانەی سێیەم

### ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن

١. خواردن و خواردنەوە بە ئەنقەست.

٢. خۆڕشاندنەوە بە ئەنقەست.

## وانەی چوارەم

### سوننەت و ئادابەکانی ڕۆژوو

١. پارشێو کردن

٢. زوو بەربانگ کردن و ڕۆژوو شکاندن

٣. قورئان خوێندن

٤. نوێژی تەراویح



## وانەی پێنجەم

### ئادابەکانی منداڵ لە مانگی ڕەمەزان

١. لەگەڵ دایک و باوکم پارشێو دەکەم .

٢. لەگەڵ بانگی مەغریب ڕۆژووەکەم بە خواردنی خورما دەشکێنم .

٣. نوێژی مەغریب لە مزگەوت بە جەماعەت دەکەم .

٤. دوای نوێژ دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ بۆ خواردنی نانی ئێوارە .

٥. نوێژی تەراویح لە مزگەوت بە جەماعەت دەکەم لە دوای عیشا .

٦. لەبەر ئەوەی من ڕۆژوو دەگرم شەڕ لەگەڵ هیچ کەسێک ناکەم.

٧. هەرکەس قسەم پێ بکات پێی دەڵێم : من بەڕۆژووم.

٨. لە ڕەمەزاندا یارمەتی فەقیر و هەژارەکان دەدەم .



## دوو چالاکی خێزانی لەمانگی ڕەمەزان

### چالاکی یەکەم

### دەخیلەی مانگی ڕەمەزان بۆ فەقیر و هەژارەکان

**دایک و باوکی بەڕێز :**

لە یەکەم ڕۆژووی ڕەمەزانەوە دەخیلەیەک دابنێ و ڕۆژانە بڕی هەزار دینار بدە بە منداڵەکانت تا بیخەنە ناو دەخیلەکەوە و دوو ڕۆژ پێش جەژن بیدەن بە خواردنی جەژن و پێکەوە بیبەن بۆ ماڵێکی فەقیر .

پاشان باسی فەزڵ و گەورەیی یارمەتی دانی فەقیر بۆ منداڵەکانت بکە .



# چالاكی دووەم

## خوێندنی جوزئی عەممە بە خێزانی

**دایک و باوکی بەڕێز :**

بۆ ئەوەی خۆشەویستی قورئان لە ناخی منداڵەکەت بڕوێنی ئەوا هەوڵبدە هەموو شەوێک دوای نوێژی تەراویح لەگەڵ منداڵەکانت دابنشی و هەر شەوی سورەتێک بخوێنن لە جوزئی عەممە و مژدەیان بدەرێ کە دوای تەواو کردنی هەموو سورەتەکان ئەوا خەڵاتی تایبەتیان دەدەیتێ .



ئامادەکردنی

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت

ba8.org

# پرسیارەکان

## پرسیاری یەکەم : ئەم بۆشایانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە

١ . ............................ پەروەردگاری منە .

٢. ئاینی من ............................

٣. ............................ پێغەمبەرمە .

٤.  خوای گەورە لە کوێ یە؟ ............................

٥. کێ گوێ و چاوی پێ بەخشیوی؟ ............................

٦. خوای گەورە لەئاسمانەوە ............................ بۆ دەبارێنێت.

٧. ناوی سێ لە دروست کراوەکانی خوای گەورە بنوسە

١. ..........................

٢. ..........................

٣. ..........................

پرسیاری دووەم : پێنج پایەکەی ئیسلام بنوسە .

.١

.٢

.٣

.٤

.٥

پرسیاری سێیەم : شەش پایەکەی ئیمان بنوسە .

.١

.٢

.٣

.٤

.٥

.٦

## پرسیاری چوارەم : ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە .

١. ئیسلام دینی .........................و .........................

٢. ئیسلام گرنگی بە ......................... دەدات .

٣. خوای گەورە دینی .........................بۆ ئێمە هەڵبژاردووە

## پرسیاری پێنجەم : ناوی چوار لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە بنوسە:

١.

٢.

٣.

٤.

**پرسیاری شەشەم : ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە :**

١ . پێغەمبەرمان ناوی ........................ باوكی ناوی ........................

یە ، دایکی ناوی ........................ یە

٢ . کاتێك گوێم لە ناوی پێغەمبەر دەبێ دەڵێم ........................

..........................................................................

٣.پێغەمبەری خوا ﷺ لەشاری ........................ لە دایك بووە .

٤ . یەکەم خێزانی پێغەمبەری خوا ناوی ........................ بوو .

٥ . پێغەمبەر لەشاری....................کۆچی کرد بۆ شاری ..................

٦ . یەکەم کاری پێغەمبەری خوا ﷺ لەشاری مەدینە دروست کردنی

............................ بوو

٧. پێغەمبەری خوا لە تەمەنی.................... ساڵی خوای گەورە وەحی

بۆ نارد و بوو بە پێغەمبەر.

٨. پێغەمبەری خوا لە تەمەنی .................... ساڵی دا لە شاری مەدینە

کۆچی دوایی کرد.

پرسیاری حەوتەم : ناوی خەلیفەکانی پێغەمبەری خوا بنوسە

.١

.٢

.٣

.٤

پرسیاری هەشتەم : ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن چی و چین؟

.١

.٢

پرسیاری نۆیەم : سێ سوننەت و ئادابەکانی ڕۆژوو بنوسە

.١

.٢

.٣

## پرسیاری دەیەم : نیشانەی ڕاست یان هەڵە بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنە

١. ڕۆژوو یەکێکە لە پێنج پایەکەی ئیسلام .

٢. لەگەڵ بانگی مەغریب ڕۆژووەکەم بە خواردنی خورما دەشکێنم .

٣. کە ڕۆژوەکەم شکاند نوێژ ناکەم و هەر خەریک خواردن دەبم .

٤. لەگەڵ دایک و باوکم پارشێو دەکەم.

٥. لە ڕەمەزاندا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە.

٦. هەرکەسێک ڕۆژوو بگرێت خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە.

٧. لەڕەمەزاندا هەرکەس قسەم پێ بکات منیش شەڕی لەگەڵ دەکەم .

٨. لە ڕەمەزاندا یارمەتی فەقیر و هەژارەکان دەدەم .

---

## دایک و باوکی بەڕێز :

مژدەتان دەدەینێ وەکو ستافی ماڵپەڕی بەهەشت بۆ هاوینی ئەمساڵ و دوای تەواوبونی دەوامی قوتابخانەکان کۆمەڵێک کتێبی بەسوود چاپ دەکەین سەبارەت بە پەروەردە کردنی منداڵ و بۆ سێ ئاستی جیاواز .

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیان پێوە بکەن لە ڕێگەی تلیگرام و واتسابی

ئەم ژمارەیەوە :

٠٧٧٠١٥١٧٣٧٨